# "فەیلییەکان لەنێوان کوردبونو شیعەبوندا سەریان لێشێواوە"

**■ ئا: گۆران تۆفیق - بەغدا**

لەگەڵ هاتنی هەموو مانگێکی نیساندا، فەیلییەکانی بەغداو ئەوروپا «لەپێناو وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان» دەستدەکەن بەچالاکیو خۆپیشاندان. لەساڵیادی کارەساتی ئەمساڵی دەربەدەرکردنشیاندا، فەیلییەکان سەنتەرێکی سەربەخۆ لەحیزبە کوردیو شیعەییەکانیان دروستکردووەو ئەندامێکی بۆردی سەنتەرەکەش دەڵێت: «حیزبەکانی هەرێمی کوردستانو ئیئتیلافی شیعە سەریان لەکوردی فەیلی شێواندوەو بۆبەرژەوەندی خۆیان کەرتکەرتو پەرتەوازەیان کردووە».

ئەندامی بۆردی سەنتەری ڕۆشنبیری فەیلی، فەیروز حاتەم، کە ژنێکی چالاکی بواری ڕاگەیاندنەو وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەناڵی ئەلحوڕییەی ئاسمانیی کاردەکات، لەپەراوێزی یەکێک لەچالاکییەکانی فەیلییەکاندا لەبەغدا، بەئاوێنەی ڕاگەیاند: «ئێمە بێهیوابوین لەم حکومەتەی ئێستای عێراقو گەشتوینەتە ئەو قەناعەتەی ئەم حکومەتو سیستمە نوێیەی عێراق، هیچمان بۆناکات». ناوبراو درێژەی پێداو وتی: «دوای ئەو هەمووساڵە ئاوارەییو دەربەدەریی، هێشتا هیچمان بۆنەکراوە. هەموو تایفەو نەتەوەکانی عێراق، مافی خۆیان بردوەو بونەتە خاوەن نوێنەرایەتیی خۆیان، تەنها ئێمە نەبێت کە تائێستاش هەر لەخەمی وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقیدایین». ئەم چالاکوانەی کوردە فەیلییەکانی بەغدا، باسی لەوەشکرد ئەوان ئێستا هیچ شتێک شک نابەن بۆ داواکردنی مافی خۆیان، جگە لەخۆپیشاندانکردنو مانگرتنو هۆکاری ئەمەش دەگێڕێتەو بۆ ئەوەی «فەیلی نە لەعێراقو نەلەئێران مافی نییە. ماڵمان بڕاوەو کوڕو گەنجەکانمان بێسەروشوێنکراون، خۆمان دەرپەڕێنراوین. تائێستاش نازانین کوڕو پیاوەکانمان چۆن کوژراونو چۆن بێسەروشوێنکراون، کەچی کەس نییە گوێ لەئازارەکانمان بگرێت».

لەمانگرتنو خۆپیشاندانەکانی نیسانی ئەمساڵدا (٢٠٠٩)، فەیلییەکان داوای سزادانی ئەو بەرپرسانەی پێشوی

لەدواهەڵبژاردنی عێراقدا کە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان سازکرا، هیچ کاندیدێکی کۆمەڵو ڕێکخراوەکانی کوردی فەیلی نەبوونە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا. نەک هەر ئەمە تەنانەت لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی بەپارتیو یەکێتیو ئەو هەمو قورساییەی هەیەتی لەبەغدا، تەنها ١١ هەزار دەنگی بە دەستهێنا. چالاکوانەکەی کوردی فەیلی هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەڵەی پارتیو یەکێتیو حیزبە شیعەکانو دەڵێت «حیزبەکانی سەر بەئیئتیلافی شیعەو هاوپەیمانی کوردستان، هەر خەریکی پەرتەوازەکردنی ئێمەن. برادەرانی کورد ١١-١٢ ڕێکخراوی کوردی فەیلییان دروستکردوە، تەنانەت

ڕژێمیان دەکرد، کە بونەتەهۆی دەرپەڕاندنو ئاوارەکردنیان لەساڵانی هەشتاکان. نوێنەرانی ئەم قوربانیانەی دەستی بەعس لەگۆڕەپانی ئەلخەلانیو فیردەوسی ناوەڕاستی بەغدا، بە توندی دژی ئەوەدەنگوباسانە هوتافیان دەکێشا کە باس لەگەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ پۆستەکانیان دەکات.

فەیلییەکان، کوردی لوڕنو لەناوچە سنورییەکانی جەلەولا، خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان، بەغدا، کوت، نعمانیە، عەزیزیە، بەسڕەو .... هتد. دەژینو تائێستاش ئامارێکی متمانەپێکراو نییە ژمارەیان دیاری بکات. هەندێک لایەن، کوردە فەیلییەکان بەوە تۆمەتباردەکەن، بەهۆی شیعەبوونەوە خۆیان جیاکردۆتەوە لەکوردی هەرێمی کوردستانو خەریکە شوناسێکی جیا گەڵاڵەدەکەن بۆ خۆیان. فەیروز حاتەم، زۆر بەم بۆچونە بێتاقەتەو دەڵێت: «ئێمە خۆمان لەکورد جیانەکردۆتەوە، لەڕووی جوگرافییەوە ناوچەکانمان لەکوردستان نییەو تێکەڵ بەعەرەبو باشوری عێراق بوین، ئێمە لەکوردستان نین ئێمە لەبەغداو کوتو عەمارەین». ناوبراو وتیشی «ئێمە یەکەمجار کوردین، دواتریش شیعەین. لەبەر کوردبوونو شیعەبونیش توشی کارسات بووین. ئێمە هەرگیز خۆمان لەکوردایەتی دانابڕین، هەروەها لەشیعەش دانابڕێینو کلتورمان شیعیو کوردییە».

لەناو هەریەک لەپارتیو یەکێتیشدا ٥-٦ ڕێکخراوی فەیلی جیاجیا هەیە. حیزی دەعوەو مەجلیسی ئەعلا هەریەک ٤ - ٥ ڕێکخراویان بۆ خۆیان دروستکردووەو بەم هۆیەشەوە کوردی فەیلی کەرتوپەرتبووە». فەیروز حاتەم وتیشی: «ئەگەر ئەم کۆمەڵەزۆرەی ڕێکخراوە فەیلییەکانی پاشکۆی حیزبەکانی شیعەو کورد، ببنەیەک کێشەمان نامێنێت. کێشەی ئێمە یەک شتەو یەک کەیسمان هەیەو یەکگرفتمان هەیە، بەڵام خۆمان بەخۆمان نازانین». ناوبراو گلەیی لەکوردەکانی هەرێمی کوردستان دەکات دەربارەی تێڕوانینیان لەسەر کوردی فەیلیو باس لەوەدەکات کوردی هەرێم پێیان دەڵێن شیعەو ڕافزی، لایەنە شیعەکانیش پێیان دەڵێن کوردو کوردستانییو دەڵێت «ئێمە لەم نێوانەدا گیرمانکردووەو نازانین کوردین یان شیعە لەکاتێکدا ئێمە هەردووکیشیانین». فەیروز، باسی لەوەشکرد کوردی فەیلی بێئومێدبوون لەدەسەڵاتی کوردو شیعەکان، ئەوەش دەخاتەڕوو ئەوان نازانن مامەڵە لەگەڵ کێبکەنو کێشەی هەنوکەیی کوردی فەیلیش بەوە دیاری دەکات «هەزاران کوردی فەیلی زمانی نەتەوەیی خۆیان نازانن». بەمدواییانەش چالاکوانەکانی کوردی فەیلی سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیان لەبەغدا دروستکردووەو فەیروز حاتەم کە ئەندامی بۆردی ئەو سەنتەرەیە دەڵێت «ئەم سەنتەرە لەشیعەوە تا شیوعیو لەعەلمانییەوە تا خەڵکی مەزهەبیی کوردانی فەیەلی تێدایەو تێدەکۆشین بۆئەوەی موڵکە زەوتکراوەکانمان وەرگرینەوەو ڕەگەزنامەی عێراقیی بەدەست بهێنینەوە».




پێشانگایەکی قوربانیانی فەیلی



## نەرمین عوسمان: ئاوارەیی ئێران یەکڕیزی فەیلییەکانی فەوتاند



## د.فەیروز حاتەم: پارتیو یەکێتیو شیعەکان سەریان لە فەیلی شێواند

### کورد: ئاوارەیی ئێران کێشەی بۆ فەیلی خوڵقاند

هەرلەمبارەیەوە ژنە وەزیری کورد لەحکومەتی عێراق، نەرمین عوسمان، بەئاوێنەی ڕاگەیاند بۆ گەڕاندنەوەی مافی کوردە فەیلییەکان کۆمەڵێک هەنگاو پێوستن لەوانەش؛ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان چونکە زۆربەی کوردە فەیلییەکان داوای قەرەبووی مادیو مەعنەوی دەکەن. نەرمین عوسمان وتیشی: «لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە دامەزراوەیەک دروستبکاتو دەست بە قەرەبوکردنەوەی کوردە فەیلییەکان بکات». ژنە وەزیرە کوردەکەی حکومەتی بەغدا، هێمای بۆئەوەشکرد «فەیلییەکان زەرەرمەندبوون بەدەستی ڕژێمی پێشوو، تائێستاش یاساکانی بەعس لەدەوڵەتدا کاری پێدەکرێتو ئەمەش زیان لەفەیلییەکان دەدات». هەروەها جەختی لەوەشکردەوە «ماف هەمیشە دەسەنرێتو نادرێت، ئەبوایە یەکڕاست لەدوای ڕمانی ڕژێمەوە ئەم کۆڕو کۆبونەوانەی کوردە فەیلییەکان، سازبکرایەو ببەسترایە، ئێستا کەسێک دەبوو گوێمان لێبگرێت». نەرمین عوسمان، هۆکاری پەرتەوازەیی ئێستای فەیلییەکانی گێڕایەوە بۆ ئەوەی «لەئێرانەوە بەبۆچوونی جیاجیا گەڕانەوە بۆ عێراق هەبوو سەر بەحیزبە شیعەکان بوون، هەیانبوو نەتەوەییو هەیانبوو مەزهەبی، ئەمەش بۆتە هۆی پەرتەوازەکردنیان». نەرمین عوسمان وتیشی «ئاساییە فەیلییەکان بۆچوونو پێکهاتەیان جیاوازبێت، بەڵام مەترسی ئەوەیە داواکاریو پەیامیان پەرتەوازەو ناچوون یەکبێت، چونکە ئەگەر داواکارییان جیابوو، ئەوە ڕۆژبەڕۆژ هەوڵەکەیان بەبا دەڕوات».

سەبارەت ئەو گلەییانەی فەیلییەکانیش کە باس لەپەراوێزخستنیان دەکات لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە، نەرمین عوسمان وتی «زۆرینەی کوردە فەلییەکان کە گەڕانەوە چونە ناو ڕێکخستنی حیزبەکانی شیعەو بەم هۆیەشەوە خۆیان نەیانتوانی لەبەغدا دەنگ بهێنن. ئێمەش ئەندام پەرلەمانتاری شیعەمان هەیە». هەروەها وتی «بەڕاستی من خۆم کە کوردێکم قەت بیرم نەکردۆتەوە کە بۆم نییە تەمسیلی کوردی فەیلی بکەمو وامدانەناوە ئیش بۆ کوردی فەیلی نەکەم، بەدڵنیاییەوە ئەگەریش کوردی فەیلی خۆی لەوێ بێت ئەوەندەی من دیفاع لەخۆی ناکات».

### کێشەی فەیلییەکان

زۆرێک لەچالاکوانە فەیلییەکان، باس لەوەدەکەن کێشەی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵانی بیستەکان. چونکە یاسای عێراقی هاوڵاتیانی پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی سوننەی کردە هاوڵاتی عێراق نەک هاوڵاتیانی شوێنکەوتەو پاشکۆی دەوڵەتی سەفەوییە شیعەکانی ئێران. بەم هۆیەشەوە فەیلییەکان کە شیعەن تووشی کێشەبوون.

دژوارترین دۆخی کوردە فەیلییەکان، بەهاری ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد. لەم وەرزەدا مەجلیسی قیادە سەورەی بەعس، لەبڕیارەکانی ١٥٠و ١٨٠ ی خۆیدا، فەرمانیکرد، هەمو فەیلییەکان دەربکرێن لەعێراق. لەبڕیاری ٦٦٦ی هەمان مەجلیسدا، فەیلییەکان بەبیانی لەقەڵەمدراونو «بەهۆی نەبونی دڵسۆزی بۆ گەلو نیشتمانو ئامانجە باڵاکانی شۆڕش» لەپێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بێبەشکراونو وەزیری ناوخۆ ڕاسپێردراوە جگە لەگەنجە نێرینەکانیان، هەمویان لەعێراق دەربکات. بەدوای بڕیارەکەشدا دامودەزگا ئەمنییەکانی عێراق، فەیلییەکانیان لەهەمو مافو ئیمتیازاتێکی خۆیان لەعێراق بێبەشکردو بەبێ ڕەگەزنامەو بەڵگەنامەی خوێندنو پێناسی عێراقی ئاوارەی ئێرانیان کردن، ئەم هەڵمەتەش تا نزیکەی ساڵی ١٩٩٥ی خایاند. لەبڕیاری ژمارە ٤٧٤ ی ١٥/ نیسانی ١٩٨١دا، مەجلیسی قیادە سەورەی بەعس، قەرەبوی ٤ هەزاری دیناری چاپی سویسری بۆ هەمو سەربازێکی عێراقیو ٢٥٠٠ دینار بۆ هەمو مەدەنییەک تەرخاندەکات کە ژنە فەیلییەکەی تەڵاق بداتو لەبری ئەوە ژنێکی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بهێنێت.

لەئێستا فەیلییەکان بۆ گەڕاندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی خەبات دەکەن، بەتایبەت نەوەیەکی زۆری فەیلی لەئێران لەدایکبووەو ئێستا قورسە بیسەلمێنن عێراقین. هەروەها فەیلییەکان پێداگریی دەکەن لەسەر وەرگرتنەوەی موڵکو ماڵەزەوتکراوەکانیانو قەرەبوکردنەوەی ساڵانی ئاوارەییو دەربەدەرییان. بەپێی ئەوئامارەشی کە چالاکوانەکانی ئەم توێژە ئەنجامیان داوە؛ ٢٠ هەزار کەسی فەیلی لەلایەن بەعسەوە تەسفییەی جەستەیی کراونو سەدانیتریان لەتاراوگە لەژێر گوشاری بارودۆخی سەختدا گیانیان لەدەستداوە. بەمدواییانەش دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لە٢٠٠٩/١/٢٦دا یەکەم دانیشتنی خۆی سەبارەت بەکەیسی کوردە فەیلییەکان سازکردووە. لەم کەیسەدا ١٦ گەورە بەرپرسی پێشوی بەعس تۆمەتبارن بەکوشتوبڕو ئاوارەکردنی فەیلییەکان. دوو لەوتۆمەتبارانەی تێوەگلاون لەکێشەی فەیلییەکان وەتبانو سەبعاوی زڕبرای سەدامن.

# تورکیاو کوردستان ئاڵوگۆڕی زانستیو کەلتوریی دەستپێدەکەن

**■ بۆتان نەجات، هەولێر**

زانکۆکانی تورکیا کورسی خوێندنی ماستەر بۆ خوێندکارانی کوردستان دابین دەکەنو گفتی پێدانی چەندین تاقیگەو کردنەوەی خولی جۆراوجۆریش بە قوتابیانو کادرانی زانکۆ دەدەن. لە بەرانبەر ئەمەشدا زانکۆی سەلاحەدین، گرنگی زیاتر بە بەشی زمانی تورکیی کۆلێژی زمان دەدات.

ئاساییبوونەوەی پەیوەندییە سیاسیو دیبلۆماسییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان، بۆتە دەسپێکی چەند ئاڵوگۆڕێکی زانستیو ڕۆشنبیریش. هەر لەم میانەیەدا زانکۆی سەلاحەدین بەنیازە گرنگی زیاتر بەبەشی زمانی تورکیی کۆلێژی زمان بدات لە زانکۆکە. ڕاگری کۆلێژی زمان لەزانکۆی سەلاحەدین د. نەوزاد خۆشناو، لەبارەی ئامانجەکانیان لەکردنەوەی بەشی زمانی تورکی لە زانکۆی سەلاحەدین، باسی لەوەکرد، ئەوان دەوڵەتی تورکیا بە دراوسێیەکی گرنگ دەزانن، بەتایبەتی لە ڕوویی ئابووریو ڕامیاریو زانستی، لەبەر ئەوەش کردنەوەی بەشی زمانی تورکییان بە پێویستزانی. هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو؛ کردنەوەی بەشی تورکی بەدەستپێشخەری زانکۆی سەلاحەدین بووەو دەڵێت «ساڵی پار، بۆ ئەو مەبەستە یاداشتمان بەرزکردەوە، ئەوەبوو لە ئەنجومەنی کۆلێژو ئەنجومەنی زانکۆ تاوتوێکرا، ئیتر بە هەماهەنگی هەموولایەک پێداویستیەکانی وەکو ژورو کتێبو مامۆستا دابینکرا، وەزیری خوێندنی باڵا زۆر هەماهەنگبوو، پارەیەکی باشیش تەرخانکرا بۆ دروستکردنی بیناکە، ئیتر ماوەتەوە بۆ میزانیەی ساڵی داهاتوو، ئێمە بە شێوەیەکی کاتی چەند ژوورێکمان بۆ دروستکرد، ئەو پێویستیانەی کە بەشەکە پێویستیەتی هەموومان بۆ دابینکردووە». سەبارەت بەهەڵوێستو کاردانەوەی دەوڵەتی تورکیاش لە بارەی ئەم هەنگاوەی

**»**

**دەوڵەتی تورکیا کردنەوەی بەشی زمانی تورکیی لەکوردستان زۆر پێخۆشبوو**

**«**

زانکۆی سەلاحەدینەوە، د. نەوزاد خۆشناو، دەڵێت «دەوڵەتی تورکیا ئەو دەستپێشخەرییەی زۆر پێخۆشبوو، ئەوە بوو لە ڕێگای زانکۆو وەزارەتەوە هاتنو پەیوەندیان بە ئێمەوەکرد، جگە لەوە زانکۆکانی تورکیا زۆربەیان هاتن لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین کۆبونەوەیان کردو بەهەموو شێوەیەک ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە یارمەتیمان بدەن.» ناوبراو ڕونیشیکردەوە، تائێستا سێ سەرۆک زانکۆی تورکییو ڕێکخەری کاروباری هەموو زانکۆکانی تورکیا، سەردانی زانکۆی سەلاحەدینیان کردوەو چونەتە بەشی زمانی تورکیو لەگەڵ قوتابیەکان قسەیان کردووە، گفتی ئەوەشیان پێداون کەبیانبەن بۆ تورکیا، تا لەزانکۆکانی ئەوێ خولببینن. هەروەها باسی لەوەشکرد، ئەمانیش بە وەفدێک سەردانی تورکیایان کردوەو دەڵێت «بەمزوانە وەفدێکی دیکەی زانکۆی سەلاحەدین سەردانی تورکیا دەکات». ڕاگری کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، کە یەکێکبووە لە ئەندامانی شاندی زانکۆی سەلاحەدین کە چونەتە تورکیا، ڕوونیدەکاتەوە، لەتورکیا پێشوازییەکی زۆریان لێکراوەو چەند پێشنیازێکیشیان کردووە بۆ سەرۆکی (زانکۆ بلکەند) پرۆفیسۆر (عەلی ئیحسان دۆغرەمەچی)و ئەویش پەسەندی کردووەو پێشنیازەکانیش بریتیبووە لەکردنەوەی خولو کۆرس بۆ بەشی زمانی تورکی زانکۆی سەلاحەدین لەوڵاتی تورکیا. هەروەها دەڵێت «داوای هەندێک کورسی خوێندنی ماستەرمان کرد لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەکو کۆلێژی زمان، بەڵام کە بینیمان ئەوان بە سینگێکی فراوانەوە لەگەڵ ئێمە دەجولانەوە وامان لێهات کە شتیتر داوابکەین». د.نەوزاد خۆشناو ڕونیشیدەکاتەوە، ئەوان سەردانی پرۆفیسۆر د. ئیحسان دۆغرەمەچییان کردووە کە کەسایەتییەکی ئەکادیمیی ناسراوی تورکیاو خاوەن چەندین خەڵاتە. ئەم کەسایەتییە ئەکادیمییە لەکوردستانو لەشاری هەولێر ژیاوەو د.نەوزاد خۆشناو دەڵێت «لە د. ئیحسان م پرسی ئەی چیت بۆ کوردستان کردووە؟ لەکاتێک کە خودی خۆی خەڵکی کوردستانەو دانیشتوی شاری هەولێر بووە، ئەویش وتی: زانکۆکە هەڵگرنو ببەنە کوردستان.



د. نەوزاد خۆشناو

دیارە مەبەستی ئەوەبوو کە هەرچی دەتانەوێ بیبەن».

ڕاگری کۆلێژی زمان ڕاشیگەیاند، لەزانکۆی بلکەند گفتی ئەوەیان پێدراوە کورسی ماستەر بۆ زانکۆی سەلاحەدین تەرخانبکرێتو دەڵێت «ساڵی داهاتووە ١٠ کورسی بۆ زمانی ئینگلیزی تەرخانکراوەو بەهەمانشێوەش لەبەشەکانی ئەندازیاریو کۆمپیوتەرو ماتماتیک بۆ هەر بەشێک ١٠ قوتابی لەماستەر وەردەگیرێنو لەتورکیا لەماجستێر دەخوێنن». هەروەها دەڵێت «قوتابیانی بەشی زمانی تورکی هاوینان لە٦/١٥ تاوەکو ٧/١٥ زمانی تورکی دەخوێنن».